

# کۆنگرەی ئەمریکا،
# کۆبوونەوەی گوێگرتن بە
# ئامادەبوونی هیلاری کلینتۆن
# لە لیژنەی
# کاروباری دەرەوەی کۆنگرە



**رۆزلیهتینن**

**سەرۆکی لیژنەی کاروباری دەرەوەی کۆنگرە:**

من زۆر بە توندی نیگەرانی ئاسایشی دانیشتووانی کامپی ئەشرەفم لە عێراق. ژمارێکی زۆر لە ئەندامانی کۆنگرە و لەوانە ئەندامانی بالا و یەک لەوان خۆشم خوازیاری ئەوەین کە حکومەت دەربارەی دەستەبەرکردنی پارێزگاریکردن لە ئەشرەف بەلێنییەک بدات. هەربۆیە چەند پرسیارێکم هەیە.

لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراق بەبەردەوامی پابەند نەبووە بە بەلێنییە مرۆیی و نێودەولەتییەکانی دەربارەی دانیشتووانی ئەشرەف و بەسەرنجدان بەوەی سەرکۆمار رایگەیاندووە کە هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەردەچن، ئێمە دەبێ دلنیا بکرێین لەوەی کە حکومەتەکەمان و حکومەتی عێراق، لەگەل کۆمیسارپای بالای پەنابەران و لایەنەکانی دی کار دەکەن بۆ ئەوەی دلنیا بکرێن لە سەلامەتبوونی دانیشتووانی ئەشرەف و ئامانجی ئاسایشی درێژخایەن ئەوان چارەسەر بکەن.



**هیلاری کلینتۆن**

**وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا:**

دەربارەی کامپی ئەشرەف کە زۆر بە توندی نیگەرانی کردووین، ئێمە ئاگادارین لە هەبوونی نیگەرانییەکی بەردەوام و رەوا. حکومەتی عێراق بە نووسراو گەرەنتیی داوە کە بە شێوازێکی مرۆیی مامەلە لەگەل دانیتشووانی ئەشرەف بکات و خەلکەکەی نەگوازێتەوە بۆ ولاتێک کە هەست بە نیگەرانی بکەن. ئێمە گوشارێکی زۆرمان درووست کردووە بۆ ئەوەی کۆمیسارپای بالای پەنابەرانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەل دانیشتووانی ئەشرەف و حکومەت کار بکات تا ئەوان بگوازرینەوە بۆ شوێنێکی ئارام.



**براد شرمەن**

**ئەندامی بەرجەستەی ژێرکۆمیتەی کاروباری تیرۆریزم سەر بە لیژنەی کاروباری دەرەوەی کۆنگرە:**

پێموابێت زۆرێک لە ئیمە ئەو راگەیاندنەمان بینیوە لەسەر کامپی ئەشرەف کە کیژێکی تەمەن ١٤ سال نیگەرانە لە دەرکردنی. کاتێک هێزەکانمان لەوێ دەکشێننەوە بەرەورووی دۆخێکی سەخت دەبینەوە. لە رابردوودا وەک هەندێک لە هاوکارانمان باسی دەکەن چەند جار تاوان روویداوە. نموونەی وا کە دەیان کەس کوژراون. راپۆرتە هەوال هەیە کە کاربەدەستانی عێراقی دەلێن زۆر نیگەرانی ئەو کەسانە مەبن. ئەوان لە لیستی تیرۆری ئەمریکادان. چ هەنگاوێکمان ناوە کە دلنیا بکرێن لەوەی کاتێ لە عێراق دەردەچین، کوشتارێکی دی لەسەر ئەم ٣٤٠٠ کەسەی دانیشتووی ئەشرەف روو نەدات؟ هەروەها چ هەنگاوێک نراوە لە پێوەند لەگەل تاوتوێکردنی بریارەکەی دادگا بۆ دەرچوونیان لە لیستی تیرۆر؟

**هیلاری کلینتۆن:**

نوێنـــەری بەڕێــز، لـــەم دوو بابەتەدا، بـــە تایبەتی بەهۆی بڕیـــاری دادگـــای پێداچوونەوەی واشـــینتۆن و بڕیـــاری ٢٠١٠، وەزارەتی دەرەوە ســـەرقاڵی تاوتوێکـــردنی لیســـتەکەیە و بڕیارێک دەدرێت. بەڵام تاوتوێکردنەکە دەبێ زۆر ورد و قوڵ و دادوەرانە بێت و ئێمە هیواداریین کە بە خێرایی بڕیاری لەسەر بدرێت. ئەوەش زیات بکەم کە ئەم ناودێرکردنەی ئێستاکە ڕێگر نییە لە جێگیربوونی ســـەر لە نوێی دانیشـــتووانی ئەشـــرەف لـــە وڵاتـــانی یەکێتیی ئەورووپا و ڕەوشـــی مرۆیـــی لە کامپی ئەشرەفیش پەیوەندییەکی نییە بە هەبوونی ناوی موجاهیدین لە لیســـتەکەدا. مـــن پێموایە گرینگە ئەوەمـــان لەبەر چاو بێت کـــە ئێمە پێویســـتمان بەوە هەیـــە کە ئەوەی لـــە تواناماندایە بیخەینـــە گەڕ بۆ ئەوەی بەر لە کۆتایی ســـاڵ، ژمارێکی زیاتر لەو کەسانە بگوازینەوە بۆ دەرەوەی کامپ و ئێمە هەوڵ دەدەین ئـــەم کارە بکەین. ئێمە لە بنەڕەتدا لەگـــەڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتـــووەکان و بێگومان لەگەڵ دانیشـــتووانی ئەشـــرەف و حکومـــەتی عێـــراق کار دەکەین تا خێراتر هەڵســـەنگاندنەکان لەســـەر ئەم کەســـانە بکرێت و داوامان لـــە یەکێتیی ئەورووپا و وڵاتانی دی کردووە پۆزیتیڤانە جێگیربوونی ســـەر لە نوێی دانیشـــتووانی ئەشـــرەف کـــە مـــافی پەنابەرییان پـــێ دەدرێت تاوتـــوێ بکەن. چون ئێمە خوازیـــاری ئەوەین هەرچی خێراتر ژماری ئەو کەسانە کەم بکەینەوە.

**رزلیهتینن:**

سوپاس خانمی وەزیر، بەڕێز ڕوهراباکەر بفەرموون



**دانا ڕوهراباکەر**

**سەرۆکی لێژنەی لێکۆڵینەوە و کۆنترۆلی حکومەت وسەرۆکی هاوبەشی لێژنەی مافی مرۆڤ و دیموکراسی لە ئێران:**

خانمی وەزیر بەخێر بێن.

بەڕێزتـــان دەڵێـــن ئێمە هەموو تواناکانمان خســـتۆتە گەڕ دەربـــارەی کامپی ئەشـــرەف. ئێوە هەموو توانـــاکانی خۆتان بـــۆ کامپی ئەشـــرەف نەخســـتۆتە کار. ئێســـتا ٥٠٠ ڕۆژە دادگا بڕیاری داوە کە ئەم ناودێرکردنە تیرۆریســـتییە ســـەر لە نوێ تاوتوێ بکەن و ئەمە ماوەیەکی زۆرە تا بزانین کێشـــەکە چیە؟ خەڵکانی دی لە سەرتاســـەری جیهان بڕیاریان داوە کە ئەوان لە لیســـتەکەدا نەبن. کەوایە ئێمە ئـــەوەی لە تواناماندا بووە نەمانکردووە. هیـــوادارم کە بەڕێزتان ئـــەم کارە بکەن تا ئێمە دڵنیا بکرێین لەوەی کوشـــتارێکی دی ڕوو نادات کە دەکرا ڕوو نـــەدات. ئێمـــە بەڕەسمی داوامان لـــە وەزارەتی دەرەوە کرد کە ڕاپۆرتێکی ڕەسمیمان پێ بدات لەسەر قەتڵوعامی دانیشتووانی کامپی ئەشـــرەف. ئایـــا ئـــەم داواکارییە قبـــووڵ دەکەن؟ چون بـــە ئێمە گوتـــراوە ئەم کارە دەکەن. یان پاشـــگەز دەبنەوە لەو بەڵێنییەی دابووتان؟

**هیلاری کلینتۆن:**

نوێنـــەری بەڕێـــز، بـــە دڵنیاییـــەوە ئەوەنـــدەی بکرێـــت زانیارییەکانتان پێ دەدەین.

**ڕوهرا باکەر:**

دەســـتەواژەی «ئەوەنـــدەی بکرێـــت» وا پێدەچێـــت بـــۆ قوتاربـــوون لـــە پرســـیارەکە بێـــت. بێگومـــان زانیارییەکانی وەزارەتخانەکەی خوتانتان لایە.ئایا ئێوە ئەم ڕاپۆرتە ئامادە دەکـــەن بۆ کۆنگرە؟ کۆنگـــرە داوکارییەکی ئاراســـتە بەڕێزتان کردووە. ئایا قبوولی دەکەن؟

**هیلاری کلینتۆن:**

بـــە دڵنیاییـــەوە قبووڵـــی دەکەیـــن. شـــتەکە لەوەدایـــە کە ناتوانین بۆتـــان بـــاس بکەین کە ناوەرۆکەکەی چ دەبێت. ئەمە مەبەستی من بوو لە وڵامدانەوەکە.

**ڕۆزلێهتینن:**

دادوەر تەدپۆ بفەرموون.



**دادوەر تەد پۆ**

**ئەندامی لێژنەی دەرەوەی کۆنگرە:**

ســـوپاس بۆ بەڕێزتان خانمی وەزیر، ســـوپاس بۆ بەڕێزتان خانمـــی ســـەرۆک. مـــن هـــەوڵ دەدەم ڕاســـتەوخۆ بچمـــە ســـەر بابـــەتی ســـەرەکی. کاتێ بۆ دوایین جـــار لەم ژوورەدا قســـەمان دەکـــرد، دەربـــارەی پارێزگاریکردن لە کامپی ئەشـــرف قســـەمان دەکـــرد. ئەمە لـــە مانگی مارس دا بـــوو. دواتر لـــە مانگی ئاپریل ســـەربازانی عێراقی چوونە ناو کامپی ئەشـــرەف و دانیشتووانی کامپی ئەشـــرەفیان کوشـــت. بیروبۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر چۆنایەتیـــی ڕووداوەکە. بەڵام ئـــەم پەلاماردانە ڕوویدا. لە حاڵی حازردا لە ٣١ی دیسامبەر ئەمریکا لە عێراق پاشەکشە دەکات. من نامەوێت بچمە ناو ئەم باسەوە. بەڵام لە ڕۆژی ٣١ی دیسامبەردا، مالیکی ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە کامپەکە دادەخرێت.

کاتێ لە هاوینی ئەمســـاڵدا ئێمە چووین بۆ عێراق، ســـەرۆک ڕوهراباکـــەر و مـــن و ژمارێکـــی دی لـــە ئەندامـــانی لێژنەکەمان، دەربـــارەی کامپی ئەشـــرەف چاومان بە مالیکی کـــەوت. ئەو زۆر تـــووڕە بـــوو. ئێمە دەمانەویســـت بچـــین و چاومان بـــە کامپەکە بکەوێـــت. ئـــەو ڕێگەی نەداین. دواتر کاتێ لە نـــاو هەلیکۆپتەر و خەریکی بینینی عێراق بووین تێگەیشتین کە بەهۆی ئەو قسانەی لەگەڵماننـــدا کردبوو داوایـــان لێکردبووین کە لـــە وڵات دەرچین.

بەڵام سەرەکیترین شت کە لەسەر شێوازی مامەڵەکردنی عێراق لەگەڵ کامپی ئەشرەف باسی کرد، ناودێرکردنی سازمانی موجاهیدینی خەلقی ئێران بوو لە لایەن ئەمریکاوە. ئەو هەموو کاتی خۆی بەوە تەرخان کرد کە ئەوە روون بکاتەوە کە هۆی ئەمجۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەواندا ئەوەیە کە ئێوە، واتا ئەمریکا، ئەوانتان وەک رێکخراوێکی تیرۆریستیی دەرەکی ناودێر کردووە. یەکەم نیگەرانی من سەلامەتی و تەندروستیی دانیشتووانی کامپی ئەشرەفە. کاتێک ٣١ی دیسامبەر دێت، ئەم کەسانە نیگەرانی دایاندەگرێت. ٨٥ کەس لەو کەسانە، هەندیکیان هاووڵاتیی ئەمریکا و ئەوانی دی کە لە نێوان ٢٠٠٠ کەس، خاوەن مافی نیشتەجێبوونی هەمیشەیین لە ئەمریکا.

پرسیارەکەم ئەوەیە کە ئێمە خەریکن چی دەکەین کە ئەم ئۆلتیماتۆمە دوابخرێت تا ئەم کەسانە بتوانن هەنگاوی پێویست بنێن بەرێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە تا بتوانن لە عێراقەوە بەرەو شوێنێکی دی برۆن و دووهەم شت، بابەتی درێژخایەنتر سەبارەت بە ناودێرکردنی موجاهیدینی خەلقە. ئەو لێدوانانەی شەوی رابردووی بەرێزتان لەم بوارەدا، ئۆمێدی پێ بەخشین. ئەمانە دوو بابەت و دوو پرسیاری من بوون خانمی وەزیر.

**هیلاری کلینتۆن:**

نوێنەری بەرێز، من دەتوانم گەرەنتی بدەم بە بەرێزتان کە من بەشەخسی زۆر سوورم لەسەر دڵنیابوون لە ئاست پاراستنی سەلامەتیی دانیشتووانی کامپەکە. من و وەزارەتخانەکەم و ئەم حکومەتە زۆر بە توندی ئەو توندوتیژییەمان شەرمەزار کرد کە بووە هۆی کوژران لە ئەشرەف. جیا لە چۆنایەتیی رووداوەکان، بەرێزتان راست دەکەن. راستیی شتەکە ئەوەیە کە ٣٦ کەس بەهۆی توندوتیژی لە ٨ی ئاپریل کوژران. ئێمە سەرقاڵی مۆنیتۆرکردنی دۆخەکەین لە نزیکترین شکڵدا ئەوەندەی بۆمان بکرێت. ئێمە هیچ هۆیەک بەدی ناکەین کە باس لە پەلاماردانێکی دی بکەن بەمزووانە و بەردەوام داوا لە حکومەتی عێراق دەکەین کە لەسەرەخۆ بێت. هەروەک پێشتر لێرەدا گوتم ئێمە بەنووسراو لە لایەن حکومەتی عێراقەوە گەرەنتیمان وەرگرتووە کە بە شێوازێکی مرۆیی مامەلە لەگەڵ دانیشتووانی ئەشرەف بکات و پابەند بێت بە بەڵێنییە نێودەوڵەتییەکانی خۆی تا ئەو کاتەی دانیشتووانی ئەشرەف لە عێراقن. هەروەک تاکو ئێستا بوون. هیچ کەسێک نەگوازێتەوە بۆ وڵاتێک کە بەهۆی بیروباوەری سیاسی یان ئایینی بەرەورووی ئازار و ئەشکەنجە بێتەوە. کەوایە ئێمە خەریکین هەوڵ دەدەین ئەوەندەی بتوانین جۆرێک پۆششی پاراستن بۆ دانیشتووانی ئەشرەف مسۆگەر بکەین. ئێمە هەروەها گوشارمان خستۆتە سەر کۆمیساریای باڵای پەنابەران کە هەبوونێکی زیاتری هەبێت، ئیش و کاری خۆی زیات بکات و ئەوەندەی بۆی دەکرێت ستاتۆی خەڵکەکە دیاری بکات. کەوایە ئەمە بابەتێکە کە بۆتە هۆی نیگەرانیی جیددی بۆ ئێمە و ئێمە لە چەند بەرەی جیاجیادا کار دەکەین.

دەربارەی ناودێرکردنەکەش ئێمە خەریکین کاری بۆ دەکەین کە لە خێراترین کاتبەندیی گونجاودا ئەوە یەک لا بکەینەوە.

**تەدپۆ:**

ئایا دەربارەی ناودێرکردنەکە، کاتێکی دیاریکراوتان هەیە؟

**هیلاری کلینتۆن:**

نوێنەری بەرێز من ناتوانم دیارتر لەوە وڵام بدەمەوە لە خێراترین کاتبەندیدا کە بکرێت.

**تەدپۆ:**

من سەر لە نوێ داوا لە بەرێزتان و حکومەت دەکەم کە دڵنیا بکرێن کاتێک ٣١ی دیسامبەر دێت شتێکی خراپ بۆ ئەم مرۆڤە چاکانەی ناو کامپی ئەشرەف روو نەدات. هەموو گەمە سیاسییەکان بەلاوە بنێین. ئێمە دەبێ پابەند بین بە بەڵێنییەکانمان. ئەوان، واتا موجاهیدینی خەلقی ئێران چەکەکانیان رادەستی ئێمە کرد. ئەوانە دەبێ پێگەی پەناهەندەییان بۆ دیاری بکرێت لە شوێنێکی ئەم جیهانەدا. ئاسایشی ئەوان گرینگترین کێشەیە. کەوایە من دووبارە تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە و خوازیاریم.

**هیلاری کلینتۆن:**

سوپاس ئەو داواکارییەت دەکەم. سوپاس بۆ نیگەرانییەکانتان و من زۆر بە جیددی وەریان دەگرم.

REUTERS

October 27, 2011

